# پارتیزان و تونی بابا و
# چیرۆکی ئەو خێزانەی پێنج کوڕیان پێشمەرگە و سەرجەم ژن و منداڵیان زیندانی بوون

**ئاوات کۆکەیی**

**تونی بابا، بەهەموو ئەو ناوبانگەی هەیەتی، نەمدەزانی چیەو شێوەی چۆنە، هەروەها نەشمدەزانی کەوتۆتە ناو خاکی کوردستانەوە .**

**بەمەبەستی ئاشنا بوون بە هەموو چیرۆکە واقعی و ئەفسانەییەکانی ئەو تونە، رۆژی 1 / 9 سەردانیمانکرد، وەرلەچوارچێوەی ئەو گەشتەدا پێم باشبوولە بارەی خۆ حەشاردانی پێشمەرگە پارتیزانەکان لەو شوێنە، جوامێر ئەحمەدی پارتیزان و هاوسەفەرمان بکەینە میوانی رۆژنامەی دێرین .**

## جیهانێکی بێدەنگ

تونی بابای عەمرە لەرووی جوگرافیەوە کەوتۆتە سنوری شاری دەربەندیخان پارێزگای سلێمانی ، ترسناکی شوێنەکە لەوەدایە دەیان شیوو دۆڵ و کەورگی تێدایەو نێوان دیوارەکانی نیو مەتر و لەهەندێك شوێنیش مەترو نیو پانە، بەرزیەکەشی سەدان و بگرە زیاتر لە هەزار مەترە، هەردۆڵێکیشی دەیان فەرعی لێدەبێتەوە، هەریەکێکیش لەوانە چەندین پەلی هەیەوکەسیش نازانێ کۆتاییەکەی دەگاتە کوێ.

بە هۆی تەنگی و بەرزی دیوارەکان هیچ روناکی و دەروازەیەك بەدی ناکرێت، جگە لەو هێڵە باریکە شین باوەی ئاسمان نەبێت کەلەسەرەوە دیارە. لەهەندێك شوێن بەهۆی پێچاوپێچ و هاتنەوەیەکی سەری دیوارەکان ئەو هێڵەش وندەبێت.

دۆڵەکان باریك و تاریکن، شێوەی هەموویان لەیەك دەچێت و هێندە زۆریشن ناتوانرێ لێك جیابکرێتەوە.گەر لە دۆڵە سەرەکیەکە لابدەیت و بچیتە دۆڵێکی ترەوە، ئەوا رێگای هاتنە دەرەوە وندەکەیت، تەنانەت ئەو دۆڵەی باسمان کرد زیاتر لە 3 سەعات پێیدا رۆیشتین، نەگەیشتینە کۆتایی و بەهۆی زیاتریش ونبوونی هێڵە شینەکەی ئاسمان زانیمان گەیشتنە کۆتایی ئەستەمە.

ناچار بەشوێنی خۆماندا گەڕاینەوەو، هەرچەندەش کە ژمارەمان حەوت کەس بوو، بەلام بەئاسانی هەستمان بەوە دەکرد لەجیهانێکی تایبەت و بێدەنگ داین، جیهانێك کەلەرۆژی روناکدا تاریکەو بیم و ترسی دابران هەستەکانی مرۆڤ دژوارو ئالۆزدەکات.

من لەو گەشتەدا بۆم دەرکەوت کە بۆچی لەکوردەواریدا بەکەسانی خراپ و بێزراوی ناو کۆمەلگا دەوترێ (یاخوا ئاوی ئامون و تونی بابا چی) مەبەستیش لەم رستەیە، خواستنی فەوتانی کەسێکە بەجۆرێکی تایبەت و کوشندە، کەواتە تونی بابا شوێنی مەرگ و تیاچوونە، نەك شوێنیژیان.

خوێنەرانی دێرین، تونی بابا کەلەئەنجامی چیرۆکێکی ئەفسانەییەوە ناونراوە تونیبابای عەمرە، زۆر لەو گوزارشتەی بۆمان کردن ترسناکترەو هەڵدەگری زیاتری لەبارەوە بنوسرێ.

## ژیانی تەنهایی
## نێو دیوارەکان

جوامێر ئەحمەد لەکەرتی چواری تیپی پارێزگاری مەلبەندی یەك پێشمەرگەبووە، کاتێکیش پرۆسەی ئەنفال دەستپێیکرد، لەگەل هەرسێ براشەهیدەکەی (شاهۆو هادی و عەتا) و برایەکی تریشی بە ناوی حەسەن و چەند پێشمەرگەیەك بەپارتیزانی لەسنورەکە دەمێننەوە، جوامێری پارتیزان کە ئێستا ئەفسەرە بەپلەی موقەدەم لە بەشی دەربەندیخانی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی دارستان ، گێرایەوە : کە هێزەکان پەرتەوازە بوون، سەرەتا لە گوندی شێخ تەویل خۆمان حەشاردا ، دواتر هاتینە تونی بابای عەمرە. لەبەر ئەوەش ئێرەمان هەڵبژارد، دەمانزانی سوپای عێراق ناتوانێ بێتە ناودۆڵە قول وبێکۆتاییەکانی تونەکە، ئەگەر بشهاتنایە ئەوا سەریان لێتێك دەچوو.

دەربارەی پەیدا کردنی خۆراکیش ووتی: لە نزیك ئاوی سیروان غەسالەیەکی لم و چەوی لێبو هەندێك لە کرێکارەکان دەیانزانی ئێمە لێرەین ، بۆیە نان وپێداویستیان لە دور خۆیانەوە دادەنا و ئێمەش لە نیوه شەودا بەمەلە لەئاوەکەمان دەداو دەمان هێنا، بەتایبەت کاك ئیبراهیم دەرەدۆینی زۆر هاوکاری کردین ، حکومەتیش دەیزانی ئێمە لێرەین،تەنانەت بەهۆی جیهازەکەمانەوە کە قسەمان پێدەکرد دەزگای هەوالگری رژێم زانیبوی چەند کیلۆمەتر لەغەسالەکەوە دورین، بۆیە چاودێری وردیان دەکرین و 17 رۆژ لەگەل برادەران نەمانتوانی لە تونەکە بێینە دەرەوە، گوشاریشیان خستبوە سەر کاك ئیبراهیم و ئەوانیتر، بەلام خۆراگربوون زانیاریان نەدابونێ.

موقەدەم جوامێر لە هاورێکانی دابراوەو ماوەی 22 شەوبە تەنها لەدۆل و شیوەکانی تونی بابای عەمرەدا ماوەتەوە. کاتێکیش پرسیم ژیان لێرە سەختە، وەك ئەوەی لەژێر زەویدا بیت. تۆ چۆن مایتەوەو خۆراکت پەیدادەکرد؟ لەوەلامدا وتی: راستە، بەلام پیرۆزی باوەری کوردایەتی و لەلایەکیتر ناچاری، فێری زیاتر دانبەخۆداگرتنی کردم، هەروەها هەندێك نانیشم لابوو،ئەو کاتە نێوان هاوین و پایزی سالی 1990 بوو، بەدیواری یەکێك لە دۆلەکانەوە هەنجیری خۆرسك روابوو هەنجیریشی پێوە بوو، ئیتر بەوشێوەیە توانیم خۆراك پەیدا بکەم.

لەبەشێکی دیدارەکەدا ئاماژەی پێدا هەندێك لەهاورێ پارتیزانەکانی بەهۆی خواردنی کۆن و ژەهراویەوە شەهیدو بریندار‌بوون وبەشێکیان چوون بۆ ئێران، بەلام شەهید شاهۆ تا راپەڕین لە سنورەکە ماوەتەوە، ئەمیش 14 رۆژ بەرلە راپەڕین چۆتە ئێران.

باسی لەپێویستی جولە و کاری پارتیزانی سەختی ئەو رۆژانەشکرد کە شەوێك بە نهێنی چووە بۆ مالی خوشکێکی لە ئۆردوگای نەسروچاوی بەهەڤال عوسمانی حاجی مەحمود کەوتووە، پاشان بۆ هەندێ کاری تایبەت لەگەل برادەرانی تردا مەوعیدیان داناوە 1990/9/15 لەئەشکەوتێکی نێوان گوندی قەلا و زەردەلیکا و کۆببنەوە، دواتر لەکاتی دیاری کراودا شاهۆی برای و کاك عوسمان و هەموو پارتیزانەکانیتر لەئەشکەوتی ناوبراویەکیان گرتۆتەوە.

## بەعس و سێدارەی منال

پرسیم : ئێوە پێنج برای پارتیزان بوون ، ئەی خێزانەکانتان لەکوێ دەژیان ؟؟ لەوەلامدا جوامێری پارتیزان ووتی: هەمووخێزانەکەمان بەنهێنی لەعەربەت دەژیان ، کاتی خۆی بەهۆی پەرتەوازەییمان نەمان توانیبو رەوانەی ئێرانیان بکەین، تا سالی1990 کەسێکیان پێناساندین گوایا سیقەپێکراوە، ئێمەش دایکم و خێزانی من وخێزان ومنالی شەهید هادی برامان دایە دەست تا رەوانەی ئێرانیان بکات ،بەلام بەداخەوە ئەو سەربەرژێم بوو، هەموو خێزانەکەمانی بەگرتنداو رەوانەی ئەمنە سورەکە کران ، ئاماژەی بە هەلویستی بوێرانەی دایکی کردو ووتی: هەمیشە هەوالیدەنارد کە ئێمە بیرلە هاتنەوە و تەسلیم بونەوە نەکەینەوە، کاتێك کە براکانیشمان شەهید بوون، دایکم بە خەلکەکەی دەوت: سەرەخۆشیم لێمەکەن کورەکانم خۆیان پێیان خۆش بووشەهیدبن ئیتر من بۆچی بگریم ؟ دواتریش ووتی: خێزانەکەی من دوو گیان بوو کە گیرا، لەزیندان مندالی بوو سەرجەم خێزانەکەمان هەر زیندان بوون، هەتا راپەرین و شکاندنی دەرگای زیندانەکان لەلایەن جەماوەرەوە. هەروەهادوای راپەرین هەموو ئەو نوسراوانەمان دەستکەوت کە بۆ خێزانەکەی ئێمە وەك مەلەفێك کرابوە و ژمارەی (40) لاپەرەبوو، بەهۆی ئەو نوسراوانەوە زانیمان کێ زانیاری داوە بەئەمن و ئەو کارەساتەی بەسەر هێناوین، هەروەها بەپێی نوسراوەکان کە ئیمزای ئەفسەری ئەمنی بەسەرەوەیەو ئێستاش لای خۆم ماوەتەوە،زانیمان هەموو خێزانەکەمان و ئەو منالەی من کەلەزیندا لەدایك بووە بەتاوانباروماددەی 157 حکوم دراون . کە سزاکەی بریتییە لە سێدارەو زیندانی ئەبەدی؟ بەلام راپەرین ئەوانی لە جێبەجێکردنی ئەو حکومە سەرفراز کرد.

## برینەکەی ناو دل

لەکۆتایشدا موقەدەم جوامێر رایگەیاند سەرەرای ئەو هەموو کارەساتەی بەسەریدا هاتووە، دیمەنێکی بینیوە هەرگیز ناتوانێ فەرامۆشی بکات، بۆیە ووتی: کە ئەنفال دەستپێیکرد خەلکی گوندە دورەکان بەلای ئێمەدا تێدەپەرین تاخۆیان رزگاربکەن، لەوکاتەدا دایکێك کچێکی تەمەن 15 سال و ئیفلیجی پێ بوو، داینا و رۆیشت ،چونکە لە رێگەی دورەوە هێنابوویبوو ئەوەندە بە کول هەلیگرتبوو لێی بێزار ببوو، کچەکە لەرووی عەقلەوە تەواو بوو بۆیە دەیزانی کەبەجێیدەهێلن، بەلام توانای رۆشتنی نەبوو چاوەرێی قەدەری دەکرد، من زۆر بەزەییم پێداهاتەوەو هیچیشم لەدەست نەدەهات بۆ رزگار کردنی ، تەنها مەتارە ئاوەکەی قەدی خۆم لەبەردەمی داناو منیش بەجێم هێشت ، پاشان لەدورەوە چاوم لێبوو سەربازەکان گەیشتنە گوندەکەو ئەو خانووەیان سووتاند کە کچە گۆجەکەی تێدابوو!!!

بۆیە هەتا ماوم ئەو دیمەنەم بیر ناچێتەوەو یەکێکی ترە لەبرینەکانی ناو دلم..




جوامێر ئەحمەدی پارتیزان

---

# فەرهادی عەزیز بەگ، خاوەنی مەدالیای مەفرەزە سەرەتاییەکان:
# 160 مەتر زەویم وەرگرتووە، بۆم ناکرێت بەخانوو


فەرهادی عەزیز بەگ

**دیداری:**
**محەمەد سیاسی ئەشکەنەیی**

فەرهادی عەزیز بەگ، یەکێکە لەو پێشمەرگانەی کەهەر لەسەرەتای شۆرشی نوێ سالی (1976)دا بۆتە پێشمەرگەو تائێستاشی لەگەلدابێ کە بەرێوەبەری پۆلیسی رانییەیە لەخەبات و پێشمەرگایەتی دانەبراوە.

سەبارەت بەهۆکارەکانی بوون بەپێشمەرگە، ئاماژەی بەوەکرد کە دارودەستەی رژێم بەردەوام بیانوویان پێگرتوون و تەنانەت بریار هەبوو عەزیز بەگی باوکی دەستگیر بکەن، بۆیە لەئەنجامی ئەوەو رەفتارە دزێوەکانی پیاوانی ئەمن و رژێمی بەعس بەرامبەر بەهاوولاتیان، رۆژی (1976/8/12) لەسنووری خۆشناوەتی دەبێتە پێشمەرگە.

دەربارەی دابینکردنی شوێنی حەوانەوەو تەقەمەنی لەو رۆژگارەدا وتی: هەندێك جار لەلایەن چەکدارەکانی سەربە رژێم، یا لەشەرەکاندا دەمانگرتن، بێجگە لەوەی کەهەردەم خەلکی دلسۆزی گوندەکانیش چەك و تەقەمەنیان بۆ پەیدا دەکردین. دەربارەی شوێنی حەوانەوەش، هەرشەوەو لەئەشکەوتێك بوین و شوێنمان نەبوو.

لەبارەی ئەو شەرانەی کەبەشداریشی تێدا کردووە، کاك فەرهاد گێرایەوە بەشداری هەریەك لەم شەرانەی کردووە: سکتان، کانی وەتمان، لێدانی ئۆتۆمۆبێلی ئەفسەری ئیستخباراتی قەلادزێ، شەری چیای هەورێ لەسالی 1977کەشەهیدانی سەرکردە (عەلی عەسکەری، دکتۆر خالید) تێیدا بەشدار بوون و بەردەوام (40) کۆپتەر بۆردومانی دەکردین.

ژیانی پێشمەرگایەتیشی بەخوێندنگا لەقەلەم داو وتی: تێیدا.فێری ئازایەتیی، رەوشتبەرزی، لەخۆبووردوویی، بوێری، برین پێچی، لەهەمووی گرنگتر خوێندەواری بووم.

بەوپێیەی کەژیانی پێشمەرگایەتیی پر مەترسی و بۆئامانجێکی پیرۆز بوەو بەرپرس و پێشمەرگەی ئاسایی لەیەك سەنگەر دابون و لەیەك خوان نانیان دەخوارد، دەشێ کاك فەرهاد کە پێشمەرگەی مەفرەزە سەرەتاییەکانە رونتر لەوبارەوە قسەمان بۆ بکات: هەلسوکەوتی لێپرسراو لەگەل پێشمەرگەی ئاسایی وەك هاورێیەتیی بوو، تەنها لەروی ئەرك و فەرمانەوە جیاوازیان هەبوو، هەرهەموومان یەك جۆر خواردن و بەرگمان هەبوو، لەئامادەکردنی خواردنیش بەرپرس وەك پێشمەرگە نۆرەی بەردەکەوت.

لەبەشێکی تری وەلامەکانیدا، رونیکردەوە بەهۆی پێشمەرگایەتی و ژیانی شاخەوە لەهەموو خۆشییەکی ژیان دابراون بۆیە وتی: ئاهەنگ و یادەکانمان شەرو جەولە بووە، تەنها لەسالی 1983 لەدۆلی شاورێ ئاهەنگی نەورۆزمان کردووە، ئەویش بەو هۆیەوە بوو کە سوپای عێراق لەو سنوورە نەمابوو، پاشان تیشکی خستە سەر پەیوەندی پتەوی نێوان گوندنشینەکان و هێزی پێشمەرگە کەزۆر تێکەلی یەکتری دەبوون لەهەموو خۆشی و ناخۆشییەك هاوکارو پشتیوانی یەکتر بوین.

کاك فەرهاد لەژیانی پێشمەرگایەتیی و لەسالی1987، ژیانی هاوسەری پێکهێناوەو بەبەردەوامی لەگەلیدا بووە، بەلام ئێستا خێزانەکەی توشی نەخۆشی شێرپەنجە بووە، پارەیەکیی زۆری لەپێناویدا سەرفکردووە، لەگەل ئەوەشدا خاوەنی (6)شەش منالی بچوکەو باری ئابوریشی لەبارنییە، کەچی داوای هاوکاری و یارمەتیی لەهیچ لێپرسراوێك نەکردووە، ئەو پێی وایە بەشێوەیەکی گشتی پێویستە هاوکاری پێشمەرگەی دێرین بکرێت. هەر لەقسەکانیدا ئاماژەی بەوەدا کە (160)مەتر زەوی نیشتەجێی وەرگرتووەو ئێستا بۆی ناکرێت بەخانوو.

لەکۆتایی دیدارەکەدا وتی: بەهۆی ئەوەی باوکم پێشمەرگەی مەفرەزە سەرەتاییەکان بوو، فەرمانی پێدانی زەوی هەبوو، بەلام مەرگ مەودای نەدا وەریبگرێ و لەبارەی دایکیشیەوە وتی: بەهۆی پێشمەرگایەتیی من و باوکم و خوشکم، دایکم (3)جار گیراوەو زیندانی کراوەو ئەویش وەك باوکم فەرمانی زەوی وەرگرتنی هەبووە، بەلام کۆچی دوایی کردوو، وەرینەگرت.